# پۆرتریتێك بۆ ناسنامەی سەلیم بەرەکات و تەئویلێك بۆ "مەهاباد"

## ڕوونکردنەوەیەك

**ئەم بابەتە پێشەکی کتێبێکی هەندرێن.ە کە لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بە ناوی (مەهاباد لە ئۆلۆمپیادەکانی خوادا) چاپی کردووە کە چەند دەقێکی شیعر و دوو چاوپێکەوتنی ڕۆماننووس و شاعیری کورد بە عارەبینووس سەلیم بەرەکات بۆ زیاتر ئاشنابوون بە تێڕوانینەکانی سەلیم بەرەکات بە پێویستمانزانی ئەم پێشەکییە بڵاوبکەینەوە.**

ڕێگای کوردستان





لە بەراییدا گەرەکە بڵێم گەر بخوازین، پانتایی دەق و تایبەتمەندی جیهانڕوانینە ئەزموون بەخشەکەی "سەلیم بەرەکات" سەلیم بەرەکاتی شاعیر و ڕۆماننووسی "یاریزان"ی بوونەوەرە سەرواداراەکان — شیعر-و پەیڤە ڕەهەندگەڵ و مانا خەیاڵاندراوەکان، ڕاڤە بکەین، دەبێ تێکڕای دەقە شیعریی و پەخشانییەکانی بخوێنینەوە، چونکە خوێندنەوەی ڕۆمانێك یان کۆشیعرێکی وی، تەنیا دەبێتە بەشێکی ناتەواوی یەکێتی بەرهەمەکانی.

سەرجەمی بەرهەمەکانی، بە شیعرو ڕۆمانەکانیەوە، ڕەگەزەکانی واقیع، هێماکانی مێژوو وڕێنەی شوێن و ئاپۆڕەی بیرڕۆیی، لە جەستەی ژانێکی لێکچڕژاودا بەرەو تەقینەوە باڵا دەکەن، وێڕای ئەمانەش ئیشکالی ناسنامەو قەدەری پاڵەوانەکان و بوونەوەرە دوردۆنگ و وەڕسەکان، بەدەست تلانەوەی چارەنووسی نادیار و فەرامۆشکراویانەوە، لە چڕترین ئاستی شیعرییەتدا داستانە تراژیدیاکانیان دەچننەوە، ئامادەیی گیانلەبەرە کێوییەکان، پەڕەندە هێما ئامێزەکان، سروشتی شوێنەکان و کاتە دژوارەکانیش بە هەمان شێوە، ڕەگەزگەلێکی گرینگن لە بەرهەمهێنانی ماناو ئەستەمی ئیشکالیەتی قەدەرەکاندا.

بەرەکات، لە ئاڵۆزترین پرۆسێسدا لە دۆخی خۆیاندا دادەبڕێنێ و لە نوێڕا لەناو سترۆکتۆری زمانێکی ڕێزپەڕدا بوونییان بەرهەمیاندێنێتەوە، لە جەم ئەو، زمان، دەروازەیەکە بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ دنیاو یادوەرییە قەدەرگیرەکان، کە ئەو زمانەش بە دژواری و یاخیگەراییەکەی، ناسکیەکی نامۆ و ئاژاوەیەکی بێکۆتایی بەرهەمدێنێ.

لێرەدا، سەبارەت بە مەسەلەی ناسنامە، دەمەوێ بڵێم، ناکرێ بەرەکات لەگەڵ ئەو نووسەرانەی کە کوردن و بە زمانەکانی "ئەوتر" دەنووسن بەراورد بکرێت.

بەرەکات، زمانی "ئەوی تر" لە خەسڵەتی ڕەتکردنەوەی ناسنامەکەیەوە بەرەو بە ئاشناکردن و بەرهەمهێنەری ناسنامەکەی دەگوازێتەوە، ئەم ناسنامەیە بە ڕێگەی ئەو زمانەوە لەوپەڕی ئازادیدا دەفراژێ و ئازادی خۆی ڕادەگەیەنێ، بە واتایەکی تر، جیهانی ئەم ناسنامەیە دیلی ئەم زمانە نییە، بەڵکە بە پێچەوانەوە، بەڵام لە ساڵانی هەفتاوە ڕۆمانەکانی یەشار کەمال کراون بە سوێدی، کەچی تا ئەو وتارەی کە لە ناوەڕاستی نەوەدەکان، لەمەڕ گوند وێرانکردنی کوردان بڵاونەکردبۆوە، زۆرینەی خوێنەرانی سوید یەشاریان بە تورك دەناسی، یەشار کەمال، داستان و ژیانی کوردی لەناو سیاقی دەسەڵاتی زمانی تورکیدا شوێن بزر دەکات و مۆرکی کوردانەیان لەبەر دادەماڵێنێ، بۆیە ناسنامەی پاڵەوان و مێژووی ڕووداوو شوێنەکان، لە ڕۆمانەکانی یەشاردا تورکبوون جەستەبەر دەکەنەوە، یان ناسنامەیان، کوردییەکی شەرمنۆکە، کەچی ئەو ناسنامەیە لە بەرهەمەکانی بەرەکاتدا، ناسنامەیەکی بوێرو جەربەزانەیە، بەهەرحاڵ، دەزانم ئەم بۆچوونە پێویستی بە وتارێکی سەربەخۆ هەیە.

لەم ڕوانگەیەوە خوێندنەوە، یان سەفەری تەئویلکردن بۆ ناو جیهانە توناوەتوونەکەی بەرەکات، خۆی لە خۆیدا، تەرزە ئیشکالێکی ترمان بۆ بەرهەمدێنێتەوە، کە ئەم کارەش کارامەیی و توانستێکی داهێنەرانە دەخوازێ.

لێرەدا، من ئەو پەیمانەم بە بخوێن نەداوە، بەڵکە من هەوڵێکی سادەم پێشکەشکردووە، کە خوێنەر دەتوانێ تەنیا وەك پۆرتریتێك، بۆ چەشنە ناسینێکی سەلیم بەرەکات، ئەم کتێبە بچووکە، بخوێنێتەوە.

وێڕای ئەمەش ئەم سێ شیعرو دوو دیدارەی کە ئەم کتێبە بچووکە پێکدێنن، بەتایبەتیش شیعرەکان، دوای بڵاوکردنەوەیان جارێکی تریش تەئویلکراون، نەك وەگێڕدراون، کە لە کەم و کوڕیش بەدەرنین.

سەرتاپای بەرهەمە داهێنراوەکانی بەرەکات دەقی قووڵ و بزۆزن، بۆ ئەو خوێنەرانەی کە چێژ لە نووسینی گۆرانی ئامێزو سادە وەردەگرن، سەخت و نامۆن و، نائاسایی بە ئاساییکراو، فەرامۆشکراوەکان بە ڕۆح زیندووکراو، کەمۆبوو بە یاخیکراوو شتە بێجووڵەکان، بە جووڵەکراون، بە واتایەکی تر بنەماو پێکهاتی دەقەکانی بەرەکات، بەفرە دەنگی و مانا سوارو بزۆکەکانیەوە، لە باڵاترین گەمەی زماندا، مشتوماڵ کراون، کە بە تەئویلکردن نەبێ، ئەو خەیاڵە سەرکێش و ئاسۆیە تەونچنکراوانە جەستەبەر ناکرێن، بۆیە ئەم قامەتە شیعرییە ڕسکاوو تۆکمەیە لەلایەن خوێنەرو ڕەخنەگرە باوەکان بە توێژگەرایی ناوبێژ دەکرێ.




بەرەکات، هەر لە "الجندب الحدیدی"ی و کۆشیعری "کل داخل سیهتف لاجلی وکل خارج ایضا"ەوە لە سەفەرێکی بەردەوامدا بە دوای قەدەری ناسنامەو پێکهێنانەوەی شوێن، دەگەڕێت لە ڕۆمانە سێینە (ثلاثیة)کەیدا، "الفلکیون في ثلاثاء الموت" پاڵەوانەکان بەدەست سەرگەردانی قەدەرە سەختەکانیانەوە، هەنیەیان بەر دیواری گەردوون دەکەوێ، دواجاریش خودی گەردوون، وێجا ئەمدیوی گەردوونیش، دەبێتە کانگای یارییە بەقەدەر داوێنگیرەکان.

"سەلیم بەرەکات" بوونەوەرێکی سەهەندەی ناو ئەو بوونە ژەنگرەیەیە، کە لە ساتە فەرامۆشکراوەکانی ناو ساتە بە فەرامۆشکردنەکاندا، شیعرو ڕۆمان، دوو ئاسۆی بەرهەڵدراوو بێ کۆتایی ئەون، لەناو ئەمانە دا بە ڕووی ئەم دنیایە زەیرۆحگرو تەپیوەدا، یاخیگەرانە هەڵدەشاخێ، هەر دەڵێی بە دژی دنیایەك کە ئامێرە ئاوەز هێدی هێدی لێیدەخورێ و، بوونەوەرەکانیش لە نائاگاییە دەسبەرداربوونەکەیاندا، ئاگایانە ساردە چێژی لێدەکەن، دنیایەکی مەحاڵگیر دەئافرێنێ (کە ئەمەیە خولیا ڕاستینەکەی ئەفراندن) ئاخۆ دەبێ خەونی شاعیر چی بێ؟!

قەوارەی دژواری شیعرو ڕۆمانەکانی وی، هاوسەنگی قەوارەی برینی ناسنامەکەیەتی.

بەرەکاتی بوونەوەر کوردی عەرەبینووس، لەناو جوگرافیای شیعری تازەگەریی عەرەبیدا، تاکایەتی خۆی هەیە، هەڵبەتە، بەهۆی ناسنامە کوردییەکەی و هێڵە هزرییە ئاشکراکەی ناو شیعرو ڕۆمانەکانییەوە لە گۆڕەپانی ڕەخنەو باسدا زۆربەی داموو دەزگا ڕۆشنبیرییە دەوڵەتیەکان و بگرە سەربەخۆکانیش، بە شێوەیەك لە شێوەکان، بەهۆی هەڵوێستی سیاسی و ڕەگەزپەرستانەیان پەردەی بێدەنگیان بەسەردا داوەو لە مافی خۆی بێبەرییان کردووە.

جا گەر دەقە کوردگەراییە بە عەرەبی نووسراوەکانی "سەلیم بەرەکات"و ئەو نووسەرە ناسراوانەی تریش کە کوردن و عارەبینووس، فارسینووس و تورکینووسن-بە دەقی کوردی دابنرێن- کەوایە، ئەرێ بۆ چەند هاوکۆفێکی ئەزموون ئاسای وا سەرنجڕاکێشمان وەك ئەزموونی بە زمانی کوردی نووسین، بەرچاو ناکەوێ؟ گەر وانییە، بۆ هەمیشە دەڵێین، ڕەوتی شیعرو ڕۆمانی کوردی لە ئاستی دەڤەردا قەتیسماوە؟!

بەڵام بێجگە لە دەراوێتەکردنی نموونەی چەند دەقێکی بە کوردی —وەك چەند دەقێك نەك ئەزموون-کە دەکرێ ئاماژەیان بۆ بکرێ کەچی ئەو دەقانەش ئەو ڕەخنەکارییە ساوایەی کە لە ئارادایە، ئاوڕی لێنەداوەتەوە، لەوەش زیاتر ئەو ڕەخنەیە تازەیەیە، چونکە ئاست و قۆناغی دەستەوایی (استعارە)و، خزمایەتی و گیانی تۆڵەکردنەوەی نەبڕیوە، کە ئەزموونێکی ڕەگاژۆی هەیە لە ڕەخنەی کوردیدا، بۆیە تا ئێستاش دوای دەقە باوو ناوە باوەکان کەوتووە.

وەك دیاردەیەکی تازەگەرانەی ئەدەبی، بە دوای خوێندنەوەی دیاردە تازەکان نەکەوتووە، بۆیە ڕەنگە ئەمە یەکێك بێ لەو هۆیانەی، کە نەهێڵێ ئەم ڕەخنە تازەیە ناسنامەکەی بە خەملیوی لە ڕەخنەی کوریدا باڵادەست بکات.

ئەرێ، لە سەردەمێکی ئاوا لێکچڕژاوی تۆتالیتارانە بە گشتی و، بەتایبەتیش لە خۆرهەڵاتێکی تایفەگەرو هێزبازو کۆنباوی ئاوێزانبوودا، ئەدەبی ئەمڕۆمان دەخوازێ، بە جیهانڕوانینێکی باڵاتر لە بەرانبەر گرێ کوێرەکانی بوون و ئاڵۆزەکردنی ژیان، جەخت لەسەر بە گرێ بوونی، چیەتی و کرۆکی دۆزەکەمان، وەك قەوارەو بارستایی تراژیدیا ئامێزەکەی بکات و بە پرسیارێکی تر وەڵامی وەڵامە گومان لێکراوەکان بداتەوە، نەك بۆ چەندان جار وەڵامە بەدیهییەکان دووپات بکاتەوە.. بەهەمەحاڵ.

-شیعری مەهاباد، جوگرافیایەکی برینگری پڕ لە زەناو یاخیگەریی و ئاماژەو پرسیارهەڵگری درامایانەیە، لە "مەهاباد"ەوە بایەکی بریندارکراو دنیا دەتەنێتەوە، "مەهاباد" کە یاری قەدەرێك بوونە تراژیدیایەکەی بەرەو یاریگەیەکی سەخت پەلکێش دەکات، لە شووشەی پەنجەرە شیعرییەکەوە، سروشت و سیمای یاریکەرەکان و شاعیری یاریکار، یارییەکی قورس بەسەر داسەپێنراو، دەنگ و ڕەنگی سەرتاپای ڕووداوەکان لەناو کۆڵانی پرسیارە شیعرییەکەدا زاوزێ دەکەن، وێجا لەناو ئەم هاڤرکێیە خوێناوییەدا، مێژوو لە دایك دەبێ، بە وێنە شیعرییە سرك و ئامێزلێکردووەکانەوە هارمۆنیای وڕێنەیەکی بەچێژ، قەوارەی شیعرەکە ڕایەڵ دەکاو، هێمای ماناکان لە جوگرافیای دەقدا دەزرینگێنەوە، بەجۆرە "مەهاباد" لە هەناوی شیعرەکەدا وەك سێمفۆنیایەکی تراژیدی، ڕووحمان لە باوەشی خۆیدا هەڵدەگرێ و لەگەڵ شەپۆلی پەیڤگەلە هێمدارە وڕێنە وەشێنەکانی شیعرەکەدا، بەرەو پێشەوە، نەك پاشەوە، بەرەو هزرکردنەوەو تێڕامان، نەك دەستە پاچەیی و کەفەژیلەکەیی و کلۆڵی دەمانبات.

ئای لە "ژەنگاری" ڕاکردوو بۆ تورێ، ئای لە "جەزیرەی بۆتان"

قەڵاکان ناسکن، دیوارەکانیشی وەك دەستەکانم مرواری دەچننەوە..

یان:

دەوڵەتێکی ترسنۆك و قەدەرێك بە دوای تۆپە قوڕینەکانیان غلۆر دەبنەوە..

لێ:

دایکایەتیش بە مەمکە بەردینەکانیەوە لە نێوان وەچەکانیدا دۆشداماوە..

بە باڵەفرەی ژانەکانی شوێن، جەستە شیعرییەکەی "مەهاباد" لە دایك دەبێ، لەناو ئەم جەستەیەشدا، جەستەی مێژوویەکی گەمارۆدراو، گەمارۆمان دەداتەوە.

"مەهاباد" لە یاریگەیەکی پڕ لە مرکێش مرکێشدا، بوونەوەرێکی زامدارو، ناسنامەیەکی ڕاساوە لە مەفتەنێکی فەرامۆشکراودا، یاریکەر، دەکرێ شاعیر خۆی بێ، مەهابادی شیعر ئاسایە، بوونەوەرێکە بوونەواریەتییەکەی فەرامۆش دەکرێ، لە ئۆلۆمپیایەکی دارێژراودا، "قورساییەکی گەورەتری پێ بەرزدەکەنەوە" شەڕ لەگەڵ هێزی ناوەکی و هێزی دەرەکی و هێزی تەماشاکەران و هێزی "ناوبژیوان" دەکات، کە شەونخوونە لەسەر شەونخونییەکانی.

هێزی بەرتەکی شاعیر، وەك قەدەری ناسماکەی، لەم پێشبڕکێیە نایەکسانەدا، دەنگ و هێماو سەرسەختی پەیڤەکانیەتی، کە وێڕای ڕەوتەنی ساتە فەرامۆشکراوەکانی ناو ساتە دژوارەکانی پێشبڕکێی چارەنووسە فەرامۆشکراوەکەو کڵپەی سووتانە شیعرییەکە، دەفراژێن.

دەقە شیعرییەکە بە کلیلی ئەم پەیڤە زەنگدارانەو ئەمدیوی وێنەکان، ناو ئەو دنیا بووڵێڵەی کە "ئێسکەکان و مەزراکانی تێدا دەزرنگێنەوە" پانتایی ماناکەی پێشکەش دەکات، شیعری "مەهاباد" وڕێنەیەکی سیستەماکی هارمۆنیکراوە، نەك گریان و واوەیلا، لەناو ئەم جیهانەدا، یان یاریگەیەدا، هەموو ڕەگەزەکان بە ئاگاو هۆشدارن، (دەئاخفن)و هێمای چییەتی شوێن جەغتدەکەنەوە، تاکو قەدەری ناسنامەکانیان جەستەبەر بکەنەوەو، ئەو فێڵانەی کە بنەمای یارییە دارێژراوەکە پێکدێنێ ئاشکرا بکەن، لە "مەهاباد"دا واقیع، یان ڕووداو، لە سەخترین بۆسەی زماندا خراوەتە ڕوو.

بەڵام ئەو ڕووداوە، وەك داستان، ناگێڕدرێتەوە، وەك ئەوەی کە شیعری کوردی- بە گشتی لەسەر ئەو شێوە خوێندنەوەیە ڕایهێناوین، ئەم شیعرە هەموو کارەساتەکانی قەدەری کورد لەناو خۆیدا چڕدەکاتەوەو دواجاریش شیعرەکە لەناو ساختمانی زماندا گوتاری ناسنامەکەی ئاراستە دەکات-لێرەدا مەبەست لە زمان، زانینی ڕێزمان، یان ڕاست بەکارهێنانی، کردار، ئاوەڵناو، بکەرو زمان خۆشی، نییە، کە ڕەخنەگرە ئامادەباش و وانەبێژە زارەکییە ئاساکانی کوردی، هەمیشە وەك پێوانەیەك، بێوچان بۆ هەموو نووسینێك لەسەر زاری قەڵەمەکەیاندا ئامادەیە، بەڵکە مەبەستمان لە بە ئاژاوەگێڕی و شەڕەنگێزیکردن و "خوێن لێبەردانی" زمانە لە پرۆسەی بەکارهێناندا، بەم پێوانەیە ئاستی شاعیری ئەزموونبەخش لە ئەفراندنی پرسیارەکانی: بوون و نەبوون، لە بەرهەمهێنانی زمان و ناسنامەدا، هاوێر دەبێت.

شیعری "مەهاباد" وەك ئەو هەموو شیعرە کوردیانەی کە بۆ هەڵەبجەو ئەنفالەکان، یان کارەساتەکانی کورد نووسراوون، لەناو گریانی نۆستالژیدا گیرخواردوومان ناکات، بەڵکە بە زمانێکی تر، دەمانبات بۆ ناو ئۆلۆمپیادەکانی خوا، کە خودی خۆمان و ئەو جیرانانەی کە ئێمە پێیانەوە ئاوێزانین و قووڵایی گشت کێشەکانی تیادا ئامادەن، بەرەکات لەوێ، لەناو پێشبڕکێیەکی دارێژرازی تەفرو تونا خوازدا، بەهێزێکی بوونەوەر ئاسا، کە شیعرە، دۆزە ڕەگەز مرۆڤایەتییەکەی لە دۆزێکی پڕ لە دەلالەت دەتەقێنێتەوەو پێشبڕکێیەکە دەبەزێنێ:

"وەك ئازارێك کورد بەرەو هەقیقەت دەچێتە پێش"..

لێرەڕا، جلەوی سەرایی دۆزەکەی بۆ ناو جەرگەی ئەم دنیایەی کە لە یاریگەیەکی پێشبڕکێی فەرمانڕەوایانەی ناهەق و ساختەبازی دەچێ و دەیبات، تا لەسەر گومەزی شیعرێکی مەڕمەڕیدا ڕادەوەستێ و یاخیبوونێکی مەحاڵئامێز دەست پێدەکا، کەواتە:

"ئەم هەقیقەتە ڕابگرن"!

هەندرێن
1999-5 /1995
ستۆکهۆڵم

## مۆبامە

**فەهمی نەبی**

ساڵی پاربوو
گوێم هەڵدەخست بۆ تەلەفۆن
بیرم لەتۆ دەکردەوە،
چۆن پێت بڵێم؟
نازانم چۆن
کە زەنگێکم بۆ ئەناردی
دەنگی کچێك دەهاتە گوێم،
زۆر بە کزی و بە خەمساردی
پێی دەوتم:
(ئەو ژمارەی داوای دەکەی،
لەدەرەوەی بازنەو هێلی گفتوگۆیە!)
* * * *
پاش ساڵێکی چاوەڕوانی
ئینجا زانیم، ئەم دڵەی من
دەستخەڕۆیە!
ئێستاش جار جار
کە زەنگێکت بۆ ئەنێرم،
هەمان دەنگەو بەمن ئەڵێ:
(ئەو کچەی تۆ خۆشت دەوێ
دوور لەماڵی دڵی تۆیە!!!).

# زناك

## ژیان دۆستی لە ئەدەبدا ژیان دۆستی لە جەژنی سەری ساڵدا

محەمەد ڕەنجاو



ئەم گۆشەیە لەسەروبەندی جەژنی سەری ساڵدا خۆی نمایش دەکا، دەشێ لای منیش ئەم جەژنە وەك پیرۆزترین یادەوەری و جەژن حیسابی بۆ بکرێ، هەموو جەژن و بۆنەیەك ڕەنگدانەوەی باکگراوندی ئەو کەلتورەیە کە نوێنەرایەتی دەکا، جەژن و یادەروەیە شەڕانییەکان کە جۆرێك لە تەم و مژو ناسەقامگیری بەخۆوە دەگرن، بەرهەمی ئەو باکگراوندە خوێناویانەن کە دۆخە مێژوویەکەیان لێکەوتۆتەوە، جەژنە موسالەمەت ئامێزەکان، ئەو جەژنانەن کە هەمیشە (گوناح بوون)ی بەرهەم هێناوە، ئەو جەژنانەن کە باکگراوندە فیکریەکانیان لەکەسانی وەك مەسیح و بانگەشەکانی مەسیح و دنیا بینیەکانی مەسیحەوە سەرچاوەی گرتووە، بەدەر لە هەر خوێندنەوەیەکی میسالیانە بۆ بوونی مەسیح. بەرهەمی فیکری و لەگەڵیشیدا سەرچاوەکانی داهێنانی ئەدەبی لە شیعرو چیرۆك و ڕۆمانی کوردیدا لە وڵاتی ئێمەداو لەناو گرفتاوی ترین دۆخە ڕەشەکانی ڕابوردودا، کەلتوری جەژنی سەری ساڵ و لەدایك بوونی مەسیحی وەك ئیلهامێك لە ئەفراندنەکانی خۆیدا بەکارهێناوە. ئەبێ ئەم هۆکارانە چی بن؟ کە لە پشت ئەو هانابردنەوە بن کەلتوری ئێمە بۆ مەسیح و جەژنی سەری ساڵ هەیبووە، تۆ بڵێی ئەو بێ وەیە بێت کە ئەم کاهینە میسالیە لەبوونی خۆیدا حەشاری داوە، یا ئەو غەدرە گەورەیە بێت کە دوژمانی ئاشتی و لێبوردەیی و بە یەکەوە ژیان لەهەموو سەردەمەکاندا ویستویانە ئەو ڕۆحە مەسیحییە بکوژن کە سەرچاوەکانی خۆی لەژیانەوە هەڵێنجاوە. دۆخی ڕووناکبیری ئێمە، هەمیشە لەناو ئاڵۆزترین چرکەساتی سەردەمەکاندا ژیاوە، لەناو چەپاندنە ڕووحییەکانی ژیان و بووندا سەری هەڵداوەو، بەردەوام لە بەرامبەر ڕاچەنینەکانیدا دیمۆکلیسێك هەبووە شمشێرەکەی بەرز کاتەوە، هەمیشە لە بەرامبەر جەستە شەکەتەکەیدا چەند بزمارو خاچێك ئامادەبووەو، وەك مەسیح زوڵمی لێکراوەو هەر ئەوەشە وایکردوە هەمیشە بوونی زوڵم لێکراوی خۆی لەناو جەستەو ئایدیاکانی مەسیحدا ببینێتەوە، سیمۆلۆژیاکانی چەمکی مەسیح لەناو جوگرافیای ڕوناکبیری ئێمەدا ئامادەبێت و، قەوارەی ڕووحی کوردیش وەك چەقێك لە نێوان ماڵئاوایی کردن لە ڕابوردو کە ئاکامێکی بۆی نەبووە، سڵاوێك لەداهاتوو کە دەرەنجامەکانی دیارنین، بە مۆڵەقی وەستاوەو بە گومانەوە تەماشای ڕوداوەکان دەکا.

جەژنی سەری ساڵ زیاتر لەناو ڕوحیەتێکی شاعیرانەدا بوونی خۆی بەرجەستە دەکاو هێماکانی جوانی پەخش دەکاو، جەدەلیەتێك لەنێو نەوەکاندا دەخولقێنێ. کۆرپەیەك بەدەم شادی سەری ساڵەوە دەتریقێتەوە، منالێك چاوەڕێی شیرینی بابە نوئێلە، گەنجێك لە چاوەڕوانی سەمای شەوانەدایە، پیاوێك بەخشندەیی دەبەخشێتە خێزانەکەی، پیرە پیاوێك دەستی نزا بۆ بەختەوەری ژیان بەرز دەکاتەوەو، لەو لاشەوە چۆڕاوگەی شەڕاب نەمامی لێبوردەیی و بەختەوەری ئاو دەداو، لەپەنای هەموو ئەمانەشدا شیعرێك لەدایك دەبێ کە باس لە جوانی ژیان و بەردەوامی وەرزەکان و شەکانەوەی سونبلەکانی عیشق دەکاو، نەفرەت دەکا لەوانەی ئەم ژیاندۆستیە دەکوژن کە لەناو زناکەکانی جەژنی سەری ساڵدا بەخۆدادێ و پێدەگاو چرۆکانی لەبەردەم وەیشومەدا شکۆفە دەکا.

# گەشتێك پڕ لە خۆشەویستی



پێشکەشە بە مامۆستام ئاواز دڵزار

زیلان بەرزنجی/دواناوەندی ڕوناکی کچان- پۆلی چوارەمی گشتی- هەولێر

ئەو ڕۆژەی چووینە ناو پارك
زانیم ئەگەر دنیا ئاشتی بێت
دیمەنی چیمەن چەند جوانە
خونچە چۆن دەپشکوێت
خوناو چۆن تك تك دێتە خوارەوە
ئەو ڕۆژەی چووینە ناو پارك
هەستمکرد
کیژوکاڵی وڵاتی من

چەند بێبەشن لە جوانی
چەند پێویستیان
بەگوڵ و باخ و پەپوولە هەیە
ئەو ڕۆژەی چووینە ناو پارك
زانیم ئەگەر قوتابی و مامۆستا
هاوڕێی یەکتربن
دڵسۆزی یەکتربن
پەروەردە چەند جوان دەدرەوشێتەوە